گرێبەستی هاوسەرگیری...
یان گرێبەستی کڕین و فرۆشتن؟!!

نم ... نم.....

لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گلەیی و داواکاریەکانی گەنجان دەبینین و دەبیستین، کەحکومەت تۆمەتبار دەکەن بەوەی کەهاوکاریان ناکات تاژیانی هاوسەری پێک بهێنن، داوا دەکەن کەپێشینەی هاوسەرگیری (سلفه الزواج) یاهن بدرێتێ، یان دوای تەواوکردنی خوێندن لەشوێنێک دابمەزرێن. ئەوداوایەش مافی خۆیانە، چونکە تەمەنیان ئەوە دەخوازێت و حەزدەکەن ماڵ و منداڵیان هەبێت، ڕاستە هەرکێشەیەک ڕوبکاتە هەر توێژێک قەیرانێک دروست بکات بەرلەهەموو کەس حکومەت بەرپرسە، بەڵام گریمان کەس خەمی گەنجی ئەم ولاتەی نیە، ئایا دەبێت ئیتر بیرلە ژنهێنان نەکەنەوە؟ یان تۆبڵێی ئێمەی ژنان بەرپرس نەبین کەناتوانین ئاسانکاریان بۆبکەین؟ خۆئەگەر دایکان و کچان بیرکردنەوەی خۆیان نەگۆڕن ئەوا نەدامەزراندن و نەهاوکاری و نەدروستکردنی شوقە داواکارییە بێشومارەکانیان پڕ ناکاتەوە، بۆیە زۆری ڕێژەی ئەو کوڕانەی کەژن دێنن یان باوکیان باری ئابوری باشە یان سالانێکە خەریکی کاسبی و کەسابەتن، لێرەدا ژنان دەتوانن هاوکارێکی باشبن بۆگەنجەکان ئەویش بەکەم کردنەوەی داواکاریەکانیان، خێزانەکان لەسەر بناغەی خۆشەویستی دروستبکەن نەک داواکاری مادی، گەنجێک تادەسالّ موچە کۆبکاتەوە پارەی هۆڵەکەی بۆدەرنایەت، کەجاری واهەیە مالّی باوانی کچ هۆڵێک دەست نیشان دەکەن کەبڕە پارەکەی خەیالّیە بێجگە لەژووری میوان و نوستن و مەتبەخ و ئارایشتگا و ئالّتون و ... هتد.

"هۆکارەکانی لەپشت ئەم بیرکردنەوە هەڵەیە"

١-دایک دەیەوێت خۆشەویستی خۆی بۆکچەکەی بەمە دەربببڕێت، لەکاتێکدا دووژووری بۆپڕدەکەن لەئالّتوون ناتوانن پاداشتی فرمێسکێکی بدەنەوە.

پاشان دەبێت دایک ئەوە بزانێت بەختەوەری ڕۆح دروستی دەکات نەک ماددە. وەئەم هاوسەر و خەم هەڵگری ژیان بۆکچەکەی دیاری دەکات نەک بیەوێت بیفرۆشێت، وەدەبێت ئەو دایکە ئەوە بزانێت گەر ئەم دووکەسە نەگونجێن مارەیی نابێتە ڕێگر لەبەردەم جیابونەوەیان بەڵکو بەپێچەوانەوە پارە دەدەن تالەیەکتر جیابینەوە. وەپێغەمبەری خواش دەفەرموێت "بامارەییەکانتان سوکو کەم بێت بۆئەوەی بەرەکەت بکەوێتە ژیانتانەوە"

٢- زۆر کچ وابیردەکاتەوە کەدەبێت لەنێو هاوڕێکانیدا شانازی بەئالّتون و شاییەکەیەوە بکات، بەداخەوە لەوڵاتی ئێمەدا کچان و ژنان پێچەوانەی وڵاتان نەیان توانیوە سود لەهەستکردن بەکەم و کورتیەکانیان وەرگرن بەپڕکردنەوەی بەپرۆژەی زانستی، بەڵکو هەمیشە بەشتی ڕواڵەتی، کەم و کورتیەکانیان پڕ دەکەنەوە.

٣- هۆکارێکی دی چاوليگەرییە، چاوليگەری لەشتی باشدا پێویستە، بەڵام کچی مامەکەی لەو هۆڵەبووە، دەبێت ئەمیش هەمان هۆڵ بێت، یان براکەی یان هاوڕێکەی.. ئەی بۆچی ئێمە کارێک نەکەین خەڵکی چاومان لێبکات کە ئەویش بەئاسانکاریە لەم بوارەدا.

٤- زۆرکەس وادەزانێت کەدەبێت چی پارەی هەیە لەو ڕۆژەدا سەرفی بکات.خەڵکی لەخۆی ڕازی بکات.

لەوڵاتی ئێمەدا بیرلەوە ناکرێتەوە کەپارە بۆپرۆژەی خزمەتگوزاری بەکاربێت، بائەو خێزانە دەفتەرێک دۆلار بۆچەند کاتژمێرێکی شەکراو خواردنەوە سەرف دەکات، با نیوەی ئەوە سەرف بکات و ئەوەی دیکەی دانێت بۆ گەنجێک کەباوکی نەداڕە و موچەیەکی کەمی هەیە، تاخواش بیکاتە بەرەکەت بۆژیانی خۆیان.

٥- هەندێک کچ وابیردەکەنەوە گەر داواکاری زۆریان نەبێت ئەوا لەدوایدا لەنێو ماڵە خەزوران بەکەم سەیر دەکرێن، ئەمەش هەربۆچونێکی هەڵەیە، چونکە تائێستا کەسمان نەبینیوە زێڕ و پارەپلەی کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە، بەڵکو مرۆڤ بەهەڵسوکەوت و مامەڵە ڕێز لەخۆی دەگرێت، وەئەگەر کەسانێک فێربن بەکەم سەیری دەوروبەریان بکەن ئەوا ئالّتونیان پێ بکەیت یان نا، ئەوان هەروا سەیرت دەکەن. وەگەر ئەهلی ڕێزبن ئەوا ڕێزت دەگرن بەبێ مەرج.

هۆکارێکی تر هەمیشە دایکان و کچان وادەزانن هاوسەرگیری واتە زێڕو شایی و هەڵپەڕکێ، لەکاتێکدا ئەمانە هیچ ڕۆڵێک نابینن لەژیانی ئەو دووکەسەدا، تەنها چەند وێنەیەکی نێو ئەلبومەکەیانن، لێرەدا دەڵێین: ڕەحمەت لەمامۆستا (هێمن)ی شاعیر کەدەڵێت:

لەیاروقیت و قۆزە خاوەنی زێڕ
ئەگەر کوڕەو وەگەر گۆجە و شەل و کوێر
بەژن باریک و شووش و شۆڕە لاوە
ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵە وورگ تێر
دەڵێن زاناو ئەدیب و خوێندەوارە
ئەگەر نەیخوێندبێ شەش پیت و دوو دێر
بەڵام زێڕت نەبێ سوکی ئەگەر تۆ
بدەی دەرسی هەزاری وەک شکسپێر..

با خێزانەکان لەسەر بناغەی خۆشەویستی و هاوتا بوون دروستبکرێن نەک داواکاری مادی و شتی تر

فەرهەنگی سفرکردنی بەرامبەرو خۆ بەشتزانین
تـــا کـــەی؟!

ئەلماس.....

هەر گەل و وڵات و نەتەوەیەک کۆمەڵێک داب و نەریت و فەرهەنگ و کلتوری پۆزەتیڤ و نەگەتیڤی خۆی هەیە... ئەم کلتورو فەرهەنگە نەوە دوای نەوە تاڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەردا دێتو شکڵ و ستایلێکی تر وەردەگرێت.

لەکوردەواری خۆشماندا هەبوونی ئەو کلتورو فەرهەنگانە نیشانەی زیندویەتی گەلی کوردو ڕادەی دیاری کردنی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری تاکەکانیەتی، لەناو گەلی کورد فەرهەنگ و داب و نەریتی زۆرجوان و پەسەند دەردەکەوێت جێگەی شانازی گەل و نەتەوەکەمانە، بەڵام لەوڵاشەوە بەسەدان فەرهەنگی ناپەسەند و نەشیاو لەم فەرهەنگەدا جێگەی خۆی کردۆتەوەو نەوە دوای نەوە ماوەتەوە، بەرگێکی هەندێک جار جوان و کاریگەری کراوە بەبەردا.

یەکێک لەو کلتورانە کەبەدی دەکرێت لەسەرجەم ئاست و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بە ژن و پیاو و گەورەو بچوک و پیرو لاوەوە، خۆبەشت زانین یان خۆپەسەند و خەڵک بەکەم زانین و بچوک سەیرکردنی خەڵکە...

ئەم پەتاو ڤایرۆسی (تکبر)ە پێویستە هەنگاوی جدی بۆلەناوبردنی یان بەرگرتن بۆزیاتر تەشەنە نەکردنی بنرێت، گەرنا ناتوانین وەک وڵاتان و گەلانی جیهان پێشبکەوین...

گرفتەکەو چوارچێوەکەی لەوەدایە کەئەو کەسە بەس خۆی و کارەکانی خۆی بەچاک و پەسەند دەزانێت و هیچ کات ناتوانێ سەیری کارو چالاکی بەرامبەر بەڕۆحێکی وەرزشی وەربگرێت و سەیری بکات، بگرە هەندێک جار هەوڵ دەدات ئەوکارو ئیشانەی بەرامبەر ئەنجامی دەدات لای دەوروبەر بچوکیان بکاتەوە و یەکسانیان بکات بەسفر؟!

گەلانی تر لەهەوڵی پێشبرکێدان بۆبەدەست هێنانی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و ...هتد زۆریش بیر لەوە ناکەنەوە کێ ئەم دەسکەوتەی بەدەست هێنا، بەڵکو بیرلەڕادەو جۆری خزمەتکردن و ئاستی سەرکەوتن دەکەنەوە، دەیکەنە ڕووناکی بۆ خۆیان و دەرەوەی خۆیان، بەڵام لای ئێمە کەسی بەرامبەر وەک شاد نیە بە بەپێشکەوتنی بەرامبەرەکەی، خۆی زۆربەی کات ناتوانێ یان بۆی ناگونجێ ئەو کارە بکات، بۆیە ئەو دەرووبونە نەخۆشەی تەنها کاری خۆی لاباش دەکاتو جوانییەکانی بەرامبەر سفر دەکات.

وەک لەپەندێکی پێشینانداو هاتووە، دەڵێت:
سەیرە لەو دونیا پان و بەرینە
هەرکەس کاری خۆی لەلاشیرینە

ئەمەش لە زۆربەی تاف و کاتەکاندا بە (لەحنی قەول) دا دەردەکەوێت، بەڵام ناخی مرۆڤ زوو کاری تێدەکرێت و بە ئاوازی وتەکە حاڵی دەبێت.

بابڕوانامە و ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی، کاری خۆمان لەبیرنەباتەوە، چونکە ئەگەر کەسێک ئاستی کەمتربوو مانای وانیە هیچ نازانێ و ڕۆشنبیری و پێگەی ئەو زۆر لەخوارەوە و پێگەی تۆ زۆرلەسەرەوەیە یابەچاوێکی بچوک و گوێی پێنەدەین و کورسی و مێزەکەت باخەڵکت لاگەورە بکات، نەک کەم و بچوکیان بکاتەوە، چونکە هەر کەسەو لەهەر جێگەیەکدا پاسەوانە و خزمەتگوزارە و سەرجەم تاکەکان بەهەموو پێکهاتەکانیەوە کۆمەڵگەو نەتەوەو پاشانیش نیشتمان دروست دەکەن...

داننان بەکارو توانا و چالاکی بەرامبەردا، دڵسۆزی و ڕێزگرتنی نیشتمان و پاراستنیەتی لەدواکەوتوی و داڕمان و ....هتد، بالەکارەکانماندا فێری چەپڵەلێدانو شادبوون بەکاری یەکو هەندێ جار ڕێزنان لەکردەکان بکەین.

جێگەی ئاماژەیە یەکێک لەسەرنەکەوتنی گەلی کورد و شکست هێنانی لەزۆربەی پرۆژە نیشتمانی و ئابوری و نەتەوایەتیەکان، خۆبەهەموو شت قبوڵکردن و بۆچونی بەرامبەر سفرکردنە، بڕوام وایە لە بچوکترین کەسی کۆمەڵگاوە هەتا سەرکردە سیاسیەکان ئەم گرفتە بەرچاو دەکەوێت...

ئەم دەردە کوشندەیە تاکەی؟!! تاکەی تاکی ئێمە نەتوانێت کارو توانا و سەلیقەو هەرجۆرە ئاکارێکی باش و شیاوی بەرامبەر پەسەند و قەبوڵ نەکات؟!!

تاکەی ئاکاری خۆبەزل زانین کارو کردارمان ناشرین و بڕزێنێ، لەدونیاو لەپاشەڕۆژیشدا خاوەنەکەی خۆشیەکانی بەهەشتی لێ قەدەغە و یاساغ بکرێت؟!! ژیان کاتێک شیرینە کەدڵ ئاسودە بێت، دڵیش ئاسودە نابێت هەتا کاری هاوکارو بەرامبەرەکانمان بەلای کەمەوە بنرخێنین نەک بڕزێنین و خۆشمان وەک مرۆڤێکی خاوەن پەیام مامەڵە بکەین.

با چیدی فەرهەنگە نەشیاوەکانی ناو کلتور وەلابخەین و فەرهەنگی جوان و شارستانی و پێشکەوتو لەدڵی نەوەکانماندا بچێنین، ڕۆحی یەکتر قبوڵکردنو بەیەکەوە بوونو شادبوون بەسەرکەوتنو پێشکەوتنی بەرامبەرو هاوڕێیانو دەروبەرمان ببڕوێنین، بۆئەوەی کۆمەڵگەی کوردیمان لەپیزی گەلانی تردا ئەژمار بکرێت.

ئەستێرەکانی سینەمای ئێران

ئاناهیتا هیمەتی

و/ فاتمە ئەدهەم عەلی

ئاناهیتا، لەدایک بووی ساڵی "١٩٧٣"ی شاری تارانی پایتەختی ئێرانە، بڕوانامەی دیبلۆمی لەزانستدا هەیەو نواندنی لەپەیمانگای هونەری خوێندووە، تەنها برایەکی هەیە بەناوی "ئارین"، دایکی تورکەو ژمێریارە، باوکیشی خەڵکی مازندەرانە، کارناسی کشتوکاڵییە.

ئاناهیتا لەشاری ئاکباتان دەژی، لەقۆناغی سەرەتاییدا لەقوتابخانە لەگەڵ (هەدیە تارانی)دا بەیەکەوە بوون، تائێستا ژیانی هاوسەرداری پێک نەهێناوە،

ئەم کچە سینەماکارە لەچەندین فیلم وزنجیرەدا بەشداری کردوە، لەدیارترینیان: زنجیرەی (کۆنەسوار) کەرۆڵی (نرگس) دەبینێت، هەروەها زنجیرەی (ماڵ بە کۆڵ) کەرۆڵی (نێرگس) دەبینێت.

جگە لەمانەش فلم و زنجیرەی تر هەیە کەتیایدا بەشداڕە، و ڕۆڵی بەرچاوی بینیووە، وەک:

-دوستان -
-ئەهوی ماه نهم.
-چراغ جادو.
-بهشت گمشده.
-برگ وباد
- روزهای مهتاب.
-تلسم شدگان.
- زیر تیغ.
- دبیر ستان خزرا.
- .کهنەسوار —کۆنەسوار .
-خانەبەدوش (ماڵ بەکۆڵ)
-گروه قلب.
-عشق کافی نیست.
- تنبور نواز.
-چند میگیری گر یەکن